# دەستوری کوردستان: بەرزکردنەوەی ئیسلام و واتا و مەترسیەکانی

**شاخەوان شۆڕش**
2007.02.24

دەستوری فیدرالی ئێراق کە دەستورێکی ئایینپارێزە و لە ئاستی داخوازیەکانی گەلی کوردا نییە، لە لایەن دەسەڵاتی کوردیەوە مۆر کرا و لە ڕیفەراندەمەکەشدا (ساختە یان نا) دەنگی بەڵێ بۆ دەستورەکە مسۆگەر کرا. بڕیارە نووسراوەکانی ئەو دەستورە لە هەموو شوێنێکی ئێراقدا باڵا دەستە، بەمجۆرە دەستوری ئێراقی لە کوردستاندا باڵادەستە و دەبێ کانونەکانی دەستوری کوردستان لەگەڵ کانونە نووسراوەکانی ئەو دەستورە ئێراقیەدا تەبابن.

سەبارەت بە ڕۆڵی ئایینی ئیسلام، لە دەستوری ئێراقدا لە لە ئەرتیکلی 2، خاڵی یەکەمدا نووسراوە، **"ئایینی ئیسلام بنچینەیەکی کانوندانانە. نابێت هیچ کانونێکی ناتەبا و دژ لەگەڵ بڕیارە جێگیرەکانی ئیسلام دەربچێت."** لە خالی دووەمدا نووسراوە، **"ئەو دەستورە گەرەنتی پارێزگاریی ناسنامەی موسوڵمانەتی زۆرینەی گەلی ئێراق دەکات، هەروەها گەرەنتی مافی ئایینی هەموو تاکەکانی دیکە لە ئازادی بڕوا و پەیڕەوی ئایینەکاندا دەکات."**[1]

لە ڕەشنووسی دەستوری کوردستاندا لە ئەرتیکلی 7 دا، کە سەبارەت بە ڕۆڵی ئایینی ئیسلام نووسراوە، جیاوازی لە نووسینی تێکستەکەدا هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا تاڕادەیەکی زۆر وەکو ئەوەی ئێراقە. لەو ئەرتیکلەدا نووسراوە: **"ئەم دەستوورە جەخت لەسەر ناسنامەی موسڵمانەتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان، هەروەها تەواوی مافە ئاینییەکانی مەسیحی و ئێزدی و هی دیکە لە ئازادیی باوەڕ وپیادەکردنی ئایین دەستەبەر دەکات."**

وەکو دیارە جیاوازیەکانی کە لە تێکستەکەدا هەن ئەوانەن:

1. لە دەستوری کوردستاندا نەنوسراوە "نابێت کانونی ناتەبا و دژ لەگەڵ بنەماکانی یا بڕیارە جێگیرەکانی ئیسلام دەربچێت." لێرەدا دەستوری کوردستان ئەو سنانسۆرەی کە لەدەستوری ئێراقیدا هاتووە بە فەرمی و نوسراوانە ناخاتە سەر کانونە ناتەباکان. دیارە ئەگەر لەگەڵ ئەوەشدا نەتواندرێ کانون و بڕیاری ناتەبا لەگەڵ بنەماکانی ئایینی ئیسلام دەربچێت، لەو بارەدا دەستوری کوردستان هەمان کاری دەستورە ئێراقیەکە دەکات لە ڕێگای کانونێکی نەنوسراوەوە و بە پشتگیری دەستوری ئێراقی کە لە هەموو شوێنێکی ئێراقدا دەستوری باڵا دەستە. نەنوسینی ئەو بڕگەیە تەنها کاتێک دەکرێ واتای هەبێت ئەگەر بە کردەوە توانرا کانونی ناتەبا لە ئایینی ئیسلام دەربچێت، ئەوەش ئەگەرێکی زۆرلاوازی لەڕاستیدا هەیە، چونکە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرکی کانوندانانن، کەواتە زۆر سەختە بکرێت کانون و بڕیاری دژ بەو پرەنسیپە دەربکرێت. لە لایەکیتر نابێ بڕیار و کانونی ناتەبا و دژ لەگەڵ ئەوەی لە دەستوری باڵادەستی ئێراقیدا هاتووە دەربچێت. بۆیە نەنووسینی ئەو ڕستەیە واپێدەچێ جیاوازیەک لە ڕووی پراکتیکەوە دروست ناکات.
2. لە دەستوری کوردستاندا **بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام** بە یەکێک لە سەرچاوە **سەرەکیەکانی** کانوندانان دادەنێت. لێرەدا جیاوازی دیسان هەیە، لە دەستوری ئێراقدا دەڵێ **ئایینی ئیسلام**، هەرچی دەستوری کوردستانە دەڵێ **بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام.** هەروەها لە دەستوری ئێراقیدا ناڵێ ئیسلام یەکێکە لە سەرچاوە "سەرەکیەکان،" بەڵام لەوەی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە.

هەروەکو لە ڕابردوودا لەسەر بوونی ئایینی ئیسلام لە دەستوری ئێراقدا هەندێ وتارم نووسی،[2] چەمکی ئایینی ئیسلام هەموو ئەو بڕیار و ڕێسا و نۆرمانە دەگرێتەوە کە لە ئایینی ئیسلامدا هاتوون، هەرچی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامە ئەو ڕێسا و بڕیار و نۆرمانە دەگرێتەوە کە دەچنە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلام. بەڵام ئایا دەکرێ ئەو دوو چەمکە هەروائاسان لەیەکتر جیابکرێنەوە؟ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام چین؟ ئایا دەکرێ بنەماکانی شەریعە وەکو کانون سەیریان بکرێت؟ لە هەردوو باردا لێکدانەوەی جیاواز لە نێوان ئیسلامیست و شارەزاکانی ئیسلامدا هەیە، بۆیە

دیارکردن و سنوردارکردنی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام کارێکی زۆر سەختە و تا ئێستا شارەزا موسوڵمانەکان یا ڕێچکە ئیسلامیەکان خۆیان نەیانتوانیووە لەسەری تەبا بن. لەلایەکیتر هەندێ لە شارەزاکانی ئیسلام شەریعە وەکو کانون سەیر ناکەن و کارێکی ئەوهاش بە تێکەڵکردنی ئایین و کانون دادەنێن.
جەختکردنەوەی دەستور لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام وەکو یەکێک لە سەرچاوە **سەرەکیەکان**، جەختکردنە لەسەر بوونی قورسایی ئایینی ئیسلام لە دەستوردا و هێمایە بۆ گرنگیی بنەماکانی شەریعەت بۆ کانوندانان. واتە دەرچوونی کانون و بڕیاری تەبا لەگەڵ "بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام" بەدەستورکراوە و ڕەوایەتی دەستوریی هەیە، لە لایەکیتر دەرچوونی کانون و بڕیار بەگشتی دەکرێ مۆرکی تێگەیشتنێکی ئیسلامیانەی بەسەردا زاڵ بێت یا پێوەدیار بێت. واتە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام کاریگەری خۆی کەم یا زۆر لەسەر کانون و بریارەکاندا دەبێت.

نامەوێ زۆر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم چونکە پێشتر لێی دواوم، بەڵام گرنگە لێرەدا بگوترێ، کەوا بوونی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی کانوندانان، دەسەڵاتی گەورە دەداتە ڕەوت و لێکدانەوەی ئیسلام، بەمجۆرە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و کۆمەڵگە دەبێت. ئەوە وادەکات هەنگاوی دژ یا تەنانەت جودا بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام لە ناو کۆمەڵگەش و لە دەرەوەی دەسەلاتی کانوندانان و بەڕێوەبردن کێشە و پێشگریان بۆ دروست بکرێت، ئەوەش بە ئاستی ئیسلامەتی ئەو کۆمەڵگەیەوە بەندە. گرنگکردن و بەرزکردنەوەی ئیسلام لەژێر ناوی ئایینی زۆرینەدا، لاسەنگیەکی نابەرابەر سەبارەت بە ئایین و بیروڕاکانی دیکە دروست دەکات. بوونی ئەو لاسەنگییە خۆی لەخۆیدا بەرزکردنەوەی ستاتوسی ئایینێکە بەسەر ئایینەکانی دیکەدا، بەهەمانشێوە بەرزکردنەوەی زۆرینەیە بەرامبەر بە کەمینە. بەرزکردنەوەی ئایینی ئیسلام بەسەر ئایینەکانی دیکەدا، کۆمەڵگە لەت دەکات، لە نێوان ئەوانەی لەگەڵ لێکدانەوە و دەسەلاتی ئیسلامن، هەروەها ئەوانەی لەگەڵ لێکدانەوەی سەر بە ئایینی دیکە و ئەوانەی سەربە لێکدانەوەی نائایینین. ئەوەش بانگاشەی مسۆگەرکردنی ئازادی و یەکسانی ئایین ڕەتدەکاتەوە، هەروەها مسۆگەری بوونی پاراستنی ئایینەکانی دیکە و ئازادیان لە ڕێتوال و نۆرمی ئایینیدا شەل دەکات، بەهەمان شێوە سنور بۆ ئازادی کەسە نائایینیەکان دادەنێت. ئەو لاسەنگیە و جوداکارییە چ لە ئاستی گروپ چ لە ئاستی کەس کەم یا زۆر بەپێی شوێن و ئاستی ئایینرەویی ئەو کۆمەڵگەیە ڕەنگی خۆی دەداتەوە. لە خراپترین باردا بوونی ئایینە بچوکەکان دەخاتە مەترسیەوە، چونکە دەکرێ ئەو کانونە لە لایەن کۆمەڵگەی کۆنسەرڤەتیو و بەتایبەتی پەرگیرانەوە بەخراپ بەکاربهێندرێت. ئاستی جوداکاری و ڕق لە نێوان بیروباوەڕە جیاوازەکان فراواتر دەکات، هەروەها دەکرێ ئەوە بۆ کەسەکانی سەر بە ئایینە لاواز و بێدەسەڵاتەکان یا کەسە نائایینیەکان ببێتەهۆی مەترسی لەسەر ژیان و بوونی ئەوانە لە کۆمەڵگەدا.
هێرشی ئەو دواییەی سەر مەزارگەی ئێزیدیەکان، بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ پێدانی ستاتوسی گرنگ بە ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا. ئەو ڕۆڵە بەرزکراوەیەی ئیسلام و پەیڕەوکەرانی وایکردووە ئەوان خۆیان پی تاکە ئایینی ڕەوا بێ و لێدانی ئایینی جودای ئێزیدیەکان و کەسە ئێزیدیەکان بە ڕەوا بزانن.  ئەو هێرشەی کرایە سەریان، ئەو تێگەیشتنە ڕقاوییە ئایینەی تێدابوو.

تێکەڵبوونی ئایینی ئیسلام لە دەسەڵاتی کانوندانانندا، تێکەڵکردنی ئایین و ستاتە، ئەوە تاڕادەیەکی باش بەدیهێنانی داخوازی ئیسلامیستەکانە کە دەڵێن ئایین و ستات دوو دیوی دراوێکن و لەیەکتر جیاناکرێنەوە. واتە لێرەدا ئیسلام نەتەنها وەکو ئایین بەڵکو وەکو ئایدۆلۆژیاش جێگای کراوەتەوە. بۆیە لاسەنگیەکە دووفاقەیە، هەم سەبارەت بە ئایینەکانی دیکە هەم سەبارەت بە ڕوانگە و ئایدۆلۆژیاکانی دیکە. ئەو ڕۆڵەی دراوەتە ئایینی ئیسلام، بنکۆری پرەنسیپەکانی یەکسانی و ئازادی مرۆڤەکان دەکات، هەروەها بنکۆری پرەنسیپی بێلایەنی ستات بەرامبەر بە گرووپەکان و کەسەکان، ئایدۆلۆژیا و ڕوانگەکان دەکات. بۆیە ستاتوسی تایبەتی ئیسلام لە دەستوردا هەموو ئەو خاڵ و بڕگانەی سەبارەت بە مافی مرۆڤ نوسراون و ڕیزکراون دەخاتە ژێر سانسۆری خۆی و دەتوانێ قوڕگیان بگرێ.
تێکەڵکردنی ئایین و ستات، واتای بوونی سیستەمێکی کۆنسەرڤەتیو و ئایینپارێزی ناسیکولاریستە. بۆیە ئەوە هەموو ئەو بانگاشانەی کە سەبارەت بە بوونی سیستەمێکی سیکولار یا مۆدێرن لە کوردستاندا هەن ڕەتدەکاتەوە. بەمجۆرە دەستوری کوردستان ئارستەکەی زیاتر ئاراستەیەکی ئایینپارێزانە و کۆنسەرڤەتیوانەیە، بەمجۆرە ڕێگای کرانەوە و مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە لە بواری هزر، بیرکردنەوە و تێگەیشتنەوە کۆسپی کوشندەی بۆ دروستکراوە.

دەکرێ بپرسین لەبەرچی ئەو کانونە ئایینپارێز و کۆنەپەرستە بەگرنگ زانراوە و ئاخنراوەتە ناو دەستوری کوردستان؟ ئایا نەدەکرا دەستوری کوردستان ئایین تێکەڵی ستات نەکات و بوێرانە هەنگاو بۆ کرانەوە، مۆدێرنیزم و راشیونالیزم بنێت؟

لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی کوردستان باشوری کوردستانیان کردەوە بەشێک لە ئێراق و لەچوارچێوەی ئەو ستاتەدا هێشتیانەوە، هەروەها پەسندی باڵادەستی کانون و بڕیارە نووسراوەکانی دەستوری فیدرالی ئێراقیان لە کوردستاندا کردووە، کە تیایدا هاتووە، نابێ دەستوری هەریمەکان (مەبەست باشوری کوردستانە) ناتەبا و دژ بە کانون و بڕیارەکانی دەستوری فیدرال بن، هەروەکو لە ئەرتیکلی 2، 13 و 17 ی دەستوری ئێراقدا جەختی لەسەر کراوەتەوە. بەوپێیە لێرەدا دەستوری کوردستان هەوڵیداوە لە ئاستی ئەو تەباییەدا بێت، بەمجۆرە ملکەچیی خۆی بۆ ئێراقی فیدرال پیشان دەدات. دیارە وەکو ئاماژەی بۆ کرا کەمێ جیاوازی لە نوسینەکەدا هەیە (کە زۆر سەختە بتوانێ جیاوازی لە جێبەجێکردندا دروست بکات)، دەکرێ عارەبەکانی ئێراق داوای چاکردنیان بکەن و ئەگەرنا پەسندی نەکەن. رەنگە عارەبەکان هیچ گلەیی و ڕەخنەیەکیان نەبێت.

جێگای بیرخستنەوەیە دەسەڵاتدارانی کورد بە تایبەتی مەسعود بارزانی کاتێ مۆری دەستورەکەیان کرد دەیگوت، "ئێمە بۆمان هەیە لە دەستوری کوردستاندا ئەوە بنووسین کە لە دەستوری ئێراقیدا نەمانتوانیوە بینووسین." سەبارەت بە جیاکردنەوەی ئایین لە ستات ئەوە نەکراوە، بەڵام واپێدەچێ ئەو لێرەدا مەبەستی ئەوە نەبووە، واپێدەچێ ئەو و ئەوانەی تریش کە دەسەڵاتدارن گلەییەکیان لە تێکەلکردنی ئایین لە دەسەڵاتدا نییە. دیارە مەسعود بارزانی لە هەندێ بۆنەدا پشتگیری خۆی لە بوونی ئایینی ئیسلام وەکو سەرچاوەیەکی کانوندانان لە دەستوردا پیشانداوە،[3] هەروەها هەندێ جار جەختی لەسەر پێویستبوونی ئایینپارێزی و ئایینڕەویی گەلی کوردستان کردۆتەوە، بۆنمونە جارێکیان گوتی، "ئێمە هەمووومان گەلێکی بەدینین و دەبێ بەدین بمێنینەوە." گومان لەوەدا نییە ئەو جۆرە گوتنانە ڕەخنەی زۆر هەڵدەگرن بەڵام با لێرەدا وازی لێ بێنین. جەلال تاڵەبانی سەبارەت بە ئێراق دانی بەوەدا ناوە کە ئەوان ناتوانن سیستەمێکی سیکولار دابمەزرێنن، سەبارەت بە کوردستان واپێدەچێ هەمان بۆچوونی هەبێت، چونکە هیچ گلەییەک لە لایەن ئەو و لایەنگرانیەوە دەرنەبڕدراوە. جگە لەو دوو لایەنە دەسەڵاتدارەی کوردستان کە لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی سەرۆکەکانیاندا هەنگاو دەنێن، پارتە ئیسلامیەکان لە کوردستاندا کاریگەری خۆیان هەیە و وایانکردووە نزیکەی 5 لەسەدای خەڵکی کوردستان ئارەزووی سیستەمەکی ئیسلامی لە کوردستاندا بکەن. بەواتایەکیتر لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەی ئێستادا کەشێکی ئایینڕەو و کۆنەپەرست و پیاوسالار لە کوردستاندا زاڵە.

بەکورتی بوونی ئەو ئەرتیکلە واتە ویستی تێکەڵکردنی ئایین لە دەسەڵاتدا هەر بەتەنها لەبەر تەبابوون لەگەڵ کانون و بڕیارەکانی دەستوری فیدرالی ئێراقدا نییە، بەڵکو ئەوە باکراوندێکی کۆنەپەرست و ئایینپارێزانەی کوردیی هەیە. نووسینەوەی ئەو ڕەشنووسە لە ژێر کاریگەری تەواوی دەسەڵاتدارانی کوردستاندا بەڕێوەچووە، بەمپێیە دەسەڵاتی کوردی خۆی لە ڕێگای دەستورەوە ئەوە پیشان دەدات کە نایەوێت بەرەو کرانەوە، مۆدێرنیزم و ڕاشیونالیزم هەنگاو بنێت، دەسەڵات لە ئایینی ئیسلام بسەنێتەوە و ئایین بکاتە بابەتێکی کەسی و بۆ مرۆڤەکانی لێگەڕێت.

ئەوەی ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردی دەیەوێ لەمبارەیەوە بیچەسپێنێت، لەگۆڕنانی هەوڵ و خەباتی هەموو ئەو مرۆڤە شۆڕشگێر و پێشکەوتوخوازانەیە کە لە نیوسەدەی ڕابردوودا گیانیان لە پێناو گەلێکی کراوە و پێشکەوتوو، یەکسان و ئازاد دا بەخت کرد.

ئەو کەمپینەی بۆ لابردنی ئەرتیکلی 7 سازکراوە، هەروەها ئەو لایەنانەی کار بۆ لابردنی ئەو ئەرتیکلە دەکەن، درێژەی خەبات لەپێناو کرانەوە و ئازادییە، هیوادارم ئەو خەباتە سەرکەوتن بەدەست بێنێت و لە دەستوری کوردستاندا ئایین لە ستات جیابکرێتەوە و ئایین لە دەسەڵاتی کانوندانان دووربخرێتەوە. چونکە ئیسلام چ وەکو ئایین چ وەکو ئایدۆلۆژیا هیچی لە ئایین و ئایدۆلۆژیاکانی دیکە زیاتر نییە، بۆیە پێویستە وەکو ئەوانیتر لە دەسەڵاتی کانوندانان دووربخرێتەوە. تەنها بەو شێوەیە دەتواندرێ بێلایەنی ستات بەرامبەر بە گروپ و مرۆڤەکان، هەروەها پرەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی سەبارەت بە گروپ و مرۆڤەکان مسۆگەر بکرێن.

[1] The Associated Press, Text of the draft Iraqi Constitution,
http://www.usatoday.com/news/world/iraq/2005-08-24-iraqi-constitution-draft_x.htm
النص الكامل للدستور المعد للاستفتاء, http://web.krg.org/articles/article_detail.asp – 29Aug

[2] سەیری هەندێ وتار سەبارەت بەو بابەتە بەدرێژی لە ڕێگای ئەو لینکەوە بکە:
http://www.kadirshorsh.com/Shaxewan.htm

هەروەها سەیری: http://www.kadirshorsh.com/Const..mafi%20mrov..Govar.pdf
http://www.kadirshorsh.com/Islam%20le%20komelgei%20dahatui%20Eraqda.1...Mars%202005.pdf

[3] بۆ سەیری وتارێک لەمبارەیەوە کلیکی سەر ئەو ناونیشانە بکە:
http://www.kadirshorsh.com/Barzani%20delet..debet%20Islam%20yek%20le%20serchawekan%20bet..21.3.pdf